# تاراوگە
TARAWGA

# KURDISH DIASPORA

تاراوگە بڵاوكراوەیەكی ئەلكترۆنیی ناوبەناوە، لە شاری ئەمستردام لە هۆڵەندا دەردەچیت، ژمارە 1ی لە ڕۆژی 01-06-2018 بڵاوبۆتەوە.

سەردار فەتاح ئەمین سەرپەرشتی دەكات.

**05 Nov. 2018  No. [18]**

Amsterdam, Netherlands, Editor: Sardar Fatah Amin Email: Sardarfatah@live.nl  Tel: 0031 684950807

**لە تاراوگە، بابەتی كەلتوری هەمەجۆر و هەواڵی ئەدەبی و هونەری بخوێنەوە**


سەردار یوكسێل: پەرلەمانتارێكی كورد

لە ئەڵمانیا مرۆڤێك لە مردن ڕزگار دەكات..! ل1

گوتارێكی ڕۆژنامەی پرڤدای سۆڤێتی جاران

دەربارەی كیمیابارانی هەڵەبجە .. ل2

چاكسازی و مێژووی چاكسازی، لەدەستەڵاتی ئایینی مەسیحی و كۆمەڵایەتی و سیاسیەكانی ئەوروپا....! ل 3 و 4

كاتێك چەرچڵ داوای كرد، شیعرێكی مەلای جزیری بۆ وەربگێڕن..! ل 5

ڕێناس عارف: ل 8




KURDISH DIASPORA

سەردار فەتاح ئەمین
سەرپەرشتی بڵاوکردنەوەی دەکات
Amsterdam Holland

تاراوگە
TARAWGA

بڵاوکراوەیەکی کوردیی هەوا ڵییە، لە هۆڵەندا دەردەچێت

05 November 2018
Tel&viber&WhatsApp: +31684950807
Emai: sardarfatah@live.nl
18 ژمارە
ساڵی یەکەم 05 نۆڤیمبەری 2018

# دویسەلدۆرف: پەرلەمانتارێکی کورد مرۆڤێک لە مردن ڕزگار دەکات..!



نە خانەنشین دەکرێت و نە ٤٩ سێنتیش وەردەگرێت...


ڕۆژی چوارشەممەی ڕابردوو، 1ی نۆڤێمبەری 2018 کاتێک کارمەندێکی فراکسیۆنی پارتی ئەلتەرناتیڤ بۆ ئەڵمانیا لە پەرلەمانی هەرێمی نۆردڕاین–ڤێستفالن بە هۆی گرفتی دڵەوە، کەوتە زەوی و لە هۆش خۆی چوو، پەرلەمانتاری کوردی سەر بە پارتی سۆسیال دیموکرات، سەردار یوکسێل فریای کەوت و ژیانی بۆ گەڕاندەوە.

سەردار لەبەرئەوەی بە پیشە سەرپەرشتاری بە ساڵاچوانە، بە شێلان و دروستکردنی پاڵەپەستۆ نەیهێشت دڵی کابرا لە کار بکەوێت. هەمان کات پەرلەمانتارێکی پارتی لیبراڵەکان بە ناوی سوزانە شنایدەر کە بە پیشە پەرستارە، بە هەناسەدانی دەستکرد و لە ڕێی دەم لە دەمناوە ئۆکسژینی پێویستی گەیاندە دڵی کابرا و ئیدی لەو کاتەدا تیمی پزیشکی گەیشت و کابرایان گەیاندە نەخۆشخانە.

سەردار یوکسێل لە ڕۆژی چوارشەمەوە پاڵەوانی ناو میدیاکانی ئەڵمانیایە. بەڵام نە سەردار و نە هیچ پەرلەمانتارێکی تری هەرێمی یان فیدراڵی لە ئەڵمانیا دوای تەواوبوونی خولی پەرلەمانتاری خانەنشین ناکرێن، بەڵکو هەریەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ پەیڕەوکردنی ئەو پیشەیەی، کە پێش بوون بە پەرلەمانتار هەیبووە. تەمەنی یاسایی خانەنشینی، لە ئەڵمانیا بۆ ژنان 65 ساڵ و بۆ پیاوان 67 ساڵە.

بەکر شوانی

زۆر بەهێز و واتەدارە:
"پێش ئەوەی دەست بە ئاخاوتن بکەیت، دڵنیابە داخۆ بەیەک گەیەندراون"!



داواکارین لە تێکڕای نوسەران و ڕۆشنبیران و گەنجان و خوێندەوارانی زمانزانی ئازیزی کورد لە تاراوگە، بابەتی کەلتوری هەمەجۆر و هەواڵی ئەدەبی و هونەریمان، لە زمانە زیندووەکانی وەک ئینگلیزی، ئەڵمانی، فەڕەنسی، هۆڵەندی، هتد.. بۆ وەربگێڕنە سەر زمانی شیرینی کوردی، تا بڵاوکراوەکەمانی پێ دەوڵەمەند بکەین. هەروەها داوا لە قوتابیان و خوێندکارانی زانکۆ و پیشەوەرە کوردەکان دەکەین، هەواڵی سەرکەوتن و پێشکەوتنەکانی خۆیانمان بۆ ڕەوانە بکەن، تا لە تاراوگەدا، بە سوپاسەوە بۆیان بڵاوبکەینەوە...

## هەواڵی مەرگی فاکسم بیست..!



لە کامل الدباغ هەواڵی لە دایکبوونی و لە حامید درووی هەواڵی مەرگیم بیست!

ساڵانی هەشتای سەدەی ڕابردوو هەفتەی جارێک بەرنامەیەکی زانستی بە ناوی "العلم للجمیع" لە کەناڵی بەغداوە بڵاو دەکرایەوە. ئەم بەرنامەیە کە لە ئامادەکردن و پێشکەشکردنی پیاوێکی بەویقار بوو بە ناوی کامل الدباغ، لەو سەردەمەدا پەنجەرەیەک بوو بۆ ئێمەی بینەر بە ڕووی پێشکەوتنە زانستییەکاندا. زۆر بە ڕوونی لە بیرمە الدباغ لە بەرنامەیەکی ساڵی ١٩٨١دا زۆر بە چێژەوە هەواڵی گەیشتنی فاکسی بۆ عێراق ڕاگەیاند. بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی بابەتەکە نموونەیەکی هێنایەوە و گوتی: "بۆ نموونە ئەگەر کەسێک بیەوێت لە بەسراوە نامەیەک بەخێرایی بۆ بەغدا بنێرێت، دەچێتە پۆستەخانە، لەوێ نامەکەی دەخرێتە ئامێری فاکسەوە و هەمان کات لە فاکسێکی ترەوە لە بەغدا بە چاپکراوی دێتە دەرێ..." من چەندین مانگ و ساڵ بیرم لەو ئامێرە ئەفسووناوییە کردەوە تا دواجار ساڵی ١٩٨٨ لە کۆلێژی ئەندازیاریی زانکۆی بەغدا بە دیداری گەیشتم. ساڵانی دواتریش لە ئەوروپا بەکارم هێنا و سوودم لێ وەرگرت. کەچی ئێستا هاوڕێی خۆشەویست کاک حامید درووی لە پەیجی خۆی هەواڵی مەرگی فاکسی ڕاگەیاندووە. هەرچەندە ئەمە هەواڵێکی ناخۆشە، بەڵام دەبێت بگوترێت فاکس خزمەتێکی زۆری مرۆڤایەتی کرد و ئیدی کاتی ئەوە هاتووە شوێن بۆ پێشکەوتنە زانستییەکانی تر خاڵی بکات.

پۆستەکەی کاک حامید: ماڵئاوا فاکس..!

بە بەرەوپێشچوونی تکنۆلۆژیا فاکسیش تەمەنی گەیشتە کۆتایی و دەبێ ماڵئاوایی بکا. ئیمرۆ داگای شاری ستوکهۆلم ڕایگەیاندووە تاکوو ١ی مانگی داهاتوو فاکس وەردەگرن و دوای ئەو ڕێکەوتە ئیتر دەبێ خەڵکی ئەگەر بەڵگە و راسپاردەیان هەیە بە ئیمایلدا بۆیان بنێرن. کەم کەس هەیە بیرەوەریی لە فاکس کردن نەبێ. منیش هەرگیز ئەمەم بیر ناچێتەوە: فاکسێکمان بۆ کاروباری کۆمیتەی حیزب لە سوید کری، ئەو کات من بەرپرسی بەشی ماڵی بووم، فاکسەکەمان لە ماڵ هاوڕێیەک دانابوو. لە قسان زۆر لە ژنەکەی دەترسا، وابزانم پێی نەوتبوو کە فاکسەکە لای خۆی داناوە، هەرچەندە فاکسم دەنارد وەڵامی نەدەدایەوە، کارگێڕیکی تەلەفونفرۆشیەکە کە ئەو کات فاکسیشیان دەنارد وتی فاکسەکەتان کۆژاوەتەوە دەبێ تەلەفوون بکەی هەڵیکەن. منیش تەلەفوونم کرد وتم براژن زەحمەت نەبێ ئەو فاکسە ڕۆشن بکە تاکو بەڵگەیەک هەیە بۆتان فاکس بکەم. ئەویش سوێندی خوارد، گوتی فاکس لە ماڵ ئێمەدا نیە! ئیتر هیچ..

لە ئەکاونتی (بەکر شوانی)یەوە

### لە ئەرشیفەوە:

## واشینگتۆن گوشار لەسەر عێراق هەواڵنێری تایبەتیی (پراڤدا):



# Нажим на Ирак

ВАШИНГТОН, 10. (Соб. корр. «Правды»). «Высокая мораль» Вашингтона, которую он всякий раз ставит в пример остальному миру, часто оказывается на поверку упражнением в лицемерии.

Сенат конгресса США единогласно одобрил суровые экономические санкции в отношении Ирака, обвинив его в «грубом нарушении международных законов». Законодатели запрещают предоставление этой арабской стране кредитов, продажу оборудования для нефтяной промышленности, закупки иракской нефти, а также обязывают США выступать в международных финансовых организациях против предоставления Багдаду займов.

Чем же насолил Ирак американским сенаторам? Конкретно речь идет о весьма расплывчатых, туманных сообщениях, согласно которым он применил отравляющие вещества в военных операциях против курдских повстанцев. Эти сообщения основываются на показаниях неких курдских беженцев.

Никаких более существенных свидетельств у Вашингтона нет. Хотя госсекретарь Шульц, другие официальные лица в последние дни неоднократно выступали с обвинениями в адрес Ирака, здесь обратили внимание на то, что представитель внешнеполитического ведомства США Ч. Редмэн упорно отказывался обсуждать вопрос о том, на чем основываются подобные обвинения.

С таким же завидным упорством администрация и конгресс проигнорировали сделанное на пресс-конференции в американской столице заявление государственного министра Ирака по иностранным делам С. Хаммади, авторитетно и категорически опровергшего всякие домыслы насчет применения химического оружия. Его просто не захотели слушать, потому что преследуют совсем иные своекорыстные цели. Вряд ли будет ошибкой сказать, что одна из них — политико-экономический нажим на Ирак, попытка обеспечить его «сговорчивость».

Как бы то ни было, одобренная сенатом акция поступает сейчас на рассмотрение палаты представителей, которая, как ожидается, также ее поддержит. Инициаторы мер рассчитывают, что Ирак почувствует на себе эффект почти немедленно — страна накопила огромный долг в 60 миллиардов долларов. Экспорт иракской нефти в США минимален, но Багдад получает 800 миллионов долларов в виде кредитов.

В. ГАН.



بەختیار شەمەیی - ئەمستردام

(ڕەوشتی بەرز) ئەوەی، کە واشینگتۆن هەمیشە بە سەرمەشقی مانەوەی جیهانی دادەنێت، زۆربەی کات لە لێکۆڵینەوەدا دەردەکەوێت، کە هەر بانگەشەی دووڕوویانەیە.

ئەنجومەنی کۆنگرێسی ئەمەریکی بە ڕالەسەربوونی هەموو لایەکیان، بەتوندی سزادانی ئابوریانەی لە پێوەندییاندا لەتەک عێراقدا پەسەند کرد، بەتاوانخستنە پاڵی (توند پێشێلکردنی یاسا نێونەتەوەییەکان). یاساناسەکان قەرزدان بەم وڵاتە عەرەبییە و پێفرۆشتنی ئامێرەکانی پیشەسازیی نەوت و کڕینی نەوتی عێراق یاساخ دەکەن، هەروەها ئەمەریکا ناچار دەکەن، کە لە ڕێکخراوی دارایی نێونەتەوەییدا دژی قەرزدان بە بەغداد دەنگ بەرزبکاتەوە.

ئایا عێراق چ زیانێکی بە سیناتۆرەکانی ئەمەریکا گەیاندووە؟

ئاشکرایە گوتەکانیان زۆر زۆر نادیار و لە شەبەنگدایە، دەنگوباسەکانیان بێناوەڕۆکە، کە گوایە عێراق لە نەبەردەکانی جەنگدا مادەی ژەهراویی دژی کوردە یاخیبووەکان بەکارهێناوە. ئەم هەواڵەشیان لەسەر بنچینەی گەواهیدانی هەندێک لە کوردە هەڵاتووەکانەوەیە.

جگە لەمە ئیدی هیچ جۆرە بەڵگەنامەیەکی گرنگ لەدەستی واشینگتۆندا نییە. لەگەڵ ئەوەشدا چەند جارێک لەسەریەک بەو تاوانخستنەپاڵانەوە دژی ئێراق دواون. لێرەدا ناچارین سەرنج لەوە بدەین، کە نوێنەری سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا چ. ڕیدمێن، بێپەروا خۆی لە گفتوگۆکردن لەسەر ئەو مەسەلەیە پەراندەوە، کە لەسەر چ بنچینەیەک ئا بەوجۆرە تاوان دەخەنە پاڵ عێراقەوە.

بەم شاگەشکەیی و پێداگرتنەوە دامودەزگای بەڕێوەبەری کۆنگرە چاوی خۆی لەو کۆنگرەی ڕۆژنامەگەرییە نووقاند، کە لە پایتەختی ئەمەریکادا بەسترا، وەزیری دەوڵەتی عێراق بۆ کاروبارەکانی دەرەوە، تێیدا ڕایگەیاند: وەکو دەسەڵاتپێدراوێک بەگەردبری هەموو جۆرە خەیاڵێکی خاوی دەربارەی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی بەدرۆخستەوە. بەڵام دیارە نەویستراو گوێی لێبگیردرێت، چونکە ئەمەریکا بە هەموو شێوەیەک هەر شوێن ئامانجە فەرخوازییەکانی خۆی دەکەوێت. ناگونجێت و گومان ناکرێت ئەو دەنگوباسانە بەهەڵە بڵاوکرابێتەوە، چونکە ئاشکرایە یەکێ لە ئامانجەکانیان لەو گوشارە ئابوری– رامیارییەدا، بریتییە لە مسۆگەرکردنی خۆبەدەستەوەدانی عێراق. هەرچۆنێک بووبێت، ئەو پەسەندکارییەی ئەنجوومەن و پرۆژەکەیان هەر بۆ ئەوەیە، بەپێی لێکۆڵینەوەی نوێنەرانی ئەنجومەن، ئەوەی کە خۆیان مەبەستیانە و چاوەڕوانی دەکەن هەر هەمان شتیان پشتیوانیکردووە.

دەستپێشکەرانی ئەو کارە، وایان تێخوێندووەتەوە کە عێراق لە ئەنجامدا، ڕەنگە یەکسەر هەست بەخۆی بکات وەکو وڵاتێک قەرزێکی زۆری بەسەردا کەوتووە کە لە ٦٠ ملیارد دۆلاردایە و ئیدی هیچ نەبێت بەلایەنی کەمەوە نەوتی عێراق بەرەو ئەمەریکا ڕەوانە دەکرێت و لەبری ئەمە ٨٠٠ ملیۆن دۆلارێکیش بەشێوەی قەرز بە بەغداد دەدرێت.

ڤ. گان.

پراڤدا – ژمارە (٢٥٦٠٧) – ٢٥٥ – ڕێکەوتی١٩٨٨/٩/١١ – یەکشەممە.

ئەو گوتارە لە یەکێک لە ژمارەکانی (سەربەخۆیی)، ئۆرگانی پاسۆک دا بڵاوکراوەتەوە، کە لەلایەن (بەختیاری شەمەیی)ەوە لە ڕوسییەوە وەرگێردراوە.

تێبینی: با ئەوە ڕاستییەش بڵێم: بۆ وەرگێڕانی ئەو گوتارەی ڕۆژنامەی پراڤدا، سودم لە چەند فەرهەنگێکی ڕوسی– کوردی و ڕوسی– فارسی و ڕوسی– هۆڵەندی وەرگرتووە.

## تاراوگە بڵاوکراوەیەکە:

دەنگ و ڕەنگی هەموو کوردانی تاراوگەیە، بەبێ جیاوازی ئینتمایی سیاسی و حیزبی، هەموو زانیاری و ئاگاداریەک و بابەت و هەواڵی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و هونەری بڵاودەکاتەوە، لە ئێستادا بە شێوەی ئەلەکترۆنی بڵاودەبێتەوە، تاراوگە بەرپرسیار نییە لە ناوەڕۆکی نوسین و ئینتمای سیاسی نوسەری بابەتەکان، چاوەڕێی نوسینە بە پێزەکانتانین.

# چاكسازی و مێژووی چاكسازی، لە دەستەڵاتی ئایینی مەسیحی و كۆمەڵایەتی و سیاسیەكانی ئەوروپا!



ئەنوەر ئەڵمان

**ئەگەر بە گشتی چاوێك بە مێژووی ئایینی و كۆمەڵایەتی ئەوروپادا بخشێنین، توندوتیژی،شەڕ و داگیركردنەكان كە بەناوی خوا و پەیامی مەسیحییەوە، هەتا وڵاتە دوور دەستەكانی ئەفریقا و ئەمریكای لاتین پەلی كێشاوە. وڵاتەكانیان لە لایەن لەشكری (پاپای ڕۆم)، كە خۆی بە جێگر و پەیامهێنەری خوا و مەسیح داناوە، داگیركراوە. زمان و ئایینی ئەسڵی خۆیان لێ زەوت كراوە. بە هەڕەشە و كوشتار چ ئایینی مەسیحیان بەسەردا چەسپێنراوە، چ زمانەكانی داگیركەرانی وەك: (ئیسپانی، پورتوگالی، ئینگلیزی و فەڕەنسی) یان بەسەردا سەپێنراوە!.**

زوڵم و زۆری (پاپای)ی ڕۆم و گەورە مەسیحیان، پێش لە پەلهاویشتن و داگیركردنەكان، دوچاری میللەتانی ئەوروپا ببووە، كە ئەم خاڵەیش ناوەڕۆكی بابەتەكەمانە! لێ، خاڵی گرنگی ناو هەناوی ئەم دوو هەزار ساڵی مەسیحیەت و داگیركردن و كوشتوكوشتارە، ڕیفۆرم، واتە چاكسازییە. بێشك بە سەرنجدانیووردی ژیان و پەیامی مەسیح، ئەوە دەردەكەوێت كە مێژووی چاكسازی خۆی، هێندەی ئایینەكە كۆنە و لەگەڵ ڕەوتی گەشەكردنی ئاین و دژە ئایینەكان و داگیركردنەكاندا، گەشەی كردووە. لە ئاكامدا پرۆتێستكردن لە هەمبەر شێوەی كار و بیر و پەیڕەوی پاپەكاندا، لە هەزارەی یەكەمەوە و بەرەو ژوور، درێژە دەكێشێت، كە ئیدی ئەمانە بە پرۆتێستانت ناوزەد كران. واتا، بەلای پرۆتێستانتەكانەوە، گەورە پیاوانی ئاین، لەڕێگەی ڕاستی ئایین و خودا لایانداوە و پەیڕەوی ئەو تێزانە ناكەن كە لە ئینجیلدا ئاماژەی پێكراوە. ئەوان مەزهەب و ڕنج و پارە و باجەكان، بۆ بەرژەوەندی خۆیان و دەستەڵاتەكەیان و خێروخۆشی دنیایی بەكار دێنن. ئەوەیش بگوترێت كە پەیام و فەلسەفەی مەسیح خۆی چاكسازی بووە، نەك كودەتا و خوێنرشت و زوڵمو زۆر! تەنانەت هەژار بوون و بە هەژاری ژیان یەكێك لە كۆڵەكەكانی سەقفی مەسیحیبوون بووە. مێژووی ژیانی خاوەن باوەڕی پاك ( سان فرانسیسكۆی شارۆچكەی ئازیز ی ئیتالیا) كە كەوتە بەر تانە و تەشەر و گاڵتەپێكردنی خەڵكی، نموونەی بەرزی بێمنەت بوونە بە ماڵ و موڵك و دەستەڵاتی دنیایی. مەسیح گوتویەتی: (ئەگەر شەپازلەیەكیان لێدایت، ئەولاكەی تریان بۆ ئامادەكە!). واتە هێشتا لە هەوڵی ئارامكردنەوەی ناحەز و دوژمنەكەتا بە، ئەو چۆنی ڕەفتار كرد، تۆیش وەك ئەو مەكە! بە كورتی پەیامی مەسیح بۆ خەڵكی و دەستەڵاتی ڕۆمەكان ئاشتی بووە. ڕیفۆرمكردن لە یاسا و ڕێسا و قەید و باوە سەربازی و سیاسی و كۆمەڵایەتییەكاندا.! نەك لەسەر حسابی هەژاران و ڕنجدەران و باوەڕدارانددا بژیت. دەبوایە و دەبێت، ڕێبەری ئایینی نمونەی بەرزی ڕەوشت و گفت و كردەوە و بیری ئایینی بێت. كە باس دێتە سەر چاكسازی، یەكسەر ناوی (مارتین لۆتەر/ 1546– 1483) ئەڵمانی دێتە زەهن و ئەو بە بابی چاكسازی دەژمێردرێت. مارتین لۆتەر، هەمیشە هەستی بە نارێكی لە نێوان دەربڕینەكان و بەكردارەكانی ئایین و مرۆڤە ئایینەیكاندا كردووە. بە سەرنجی وورد و ڕەخنەییەوە لە ئینجیل و تێزەكانیشی ڕوانیوە! وەك ئاماژەمان پێدا مێژووی چاكسازی گەلێك كۆنترە لە ڕەوت و تەنانەت پەیدابوونی ئاینی مەسیحی خۆی! مێژووی چاكسازی و قوربانییەكانی چاكسازی زۆر لە سەردەمی مارتین لۆتەر كۆنترە!. مارتین لۆتەر توانی گەلاڵەی ئەو ڕەوت و هەوڵانەی پێشخۆی بكات. دەشێت بگوترێت كە هەلومەرجی مارتین لۆتەر و چاكسازییەكەی و بەرهەڵستیكردن و پشتكردنە ڕۆمای پاپ، لەبارتر و ئارامتر بوو. ئەو توانی پشتیوانی خەڵك و هەندێك لە ئەمیرە دەسترۆیشتووەكان بۆ خۆی و چاكسازییەكەی ئەرخەیان بكات. دەنا هەمان چارەنووسی قەشەكانی پێش خۆی چاوەڕێی دەكرد.ئەویش بەزیندوی و بەئاگر سووتاندن. خاڵی وەرچەرخانی بیری چاكسازی لە كن مارتین لۆتەری قەشەی 19 ساڵان، كە هێشتاكە خوێندكاری زانكۆی شاری (ئێرفۆرت) دەبێت، ئەو سەفەرەی بووە كە بە ئەڤینی یەزدان، ئاین و پاپ و ڕۆمەوە، بە پێی پەتی، لە شاری ئۆگۆسبورگی ئەڵمانیاوە، بۆ ڕۆم دەچێت.

ئەو كە بە دڵێكی پڕ ئەڤینی یەزدانی و پاپ و ئایینەوە دەگاتە ئەوێكانە، لە باتی خۆشحاڵ بێت، خەمبار و سەرسام دەبێت، دەبینێت خەڵكی هەژارن و بە كۆڵەمەرگی دەژین و شرووپرن، لێ،پاپەكان و قەشەكان لە كۆشكە ڕازاوە و ڕندەكاندا بە باشی دەژین، جلوبەرگی گرانبەهایان لەبەردایە. زێڕ و زیوی گرانبەهایان پێوە ئاوێزانە. باش دەخۆن و دەخۆنەوە و دەستەڵاتە ئاینیەكانیان بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەكار دێنن. ئەم سەفەرە دەبێتە خاڵی وەرچەرخانی مارتین لۆتەری قەشە و بیركردنەوە لە چاكسازی ئاییندا. هەر بۆیەش مارتین لۆتەر، دەكەوێتە سەر ئەو بیرەی یەكێك لە خاڵەكانی ڕیفۆرم، ئینجیل بكرێتە ئەڵمانی. درێژەیش بەو ڕەوتی چاكسازییە بدرێت كە كەسانی پێش ئەو ژیان و گیانی خۆیان بۆی كردۆتە قوربانی. هەتا خەڵكی لە وشەی یەزدان و فەرمان و ئامۆژگارییەكانی مەسیح تێبگەن. لێ، ئەوسایش ( لەگەڵ ئێستادا!) ئەوەی كە دەستەڵاتداران لێی ترساون، هۆشیاری تاك و ئینجا كۆمەڵگا بووە. بۆیە بە هەموو هێزێك لە دژی ڕیفۆرمخوازان و ئینجا وەرگێڕانی ئینجیل بۆ زمانێكی دی بێجگە لە لاتینی، وەستاونەتەوە. خاڵی گرنگ لێرەدا ئەوەیە كە دەبێت ڕۆشنایی بخرێتە سەر، بەری نووسینی 95 تێزەكەی مارتین لۆتەر و هەوڵی وەرگێڕان، لە چەند ساڵی پێشتردا، هەمان هەوڵ دراون. بەڕوونیش دیارە كە مارتین لۆتەر لە ژێر كارگەری كەسایەتی و كارە چاكسازییەكانی پێشتر و بەتایبەتیش، (هۆیس) دا بووە. بۆیە دەكرێت، هەوڵەكانی مارتین لۆتەر لە ڕووی چاكسازییەوە، بە درێژكردنەوە و پوختە و چڕكردنەوەی هەوڵەكانی قەشەكانی بەر ئەو بناسێنرێت. بەبێ ناوهێنانی مرۆڤە ئاینییە ڕیفۆرمخوازەكانی بەر مارتین لۆتەر ناشێت باس لە ریفۆرمە سەركەوتووەكەی بكرێت. یەكێك لەو كەسە ئاینیانە John wiklif – 1321 – 1384 ی بەریتانیە. كە لەبەر ململانێكردن لە دژی دەستەڵاتی ئایینی پاپای ڕۆم و وەرگێڕانی ئینجیلی بۆ ئینگلیزی، بە لادەر و شەیتان كارلێكەر تاوانبار و پاشان سووتێنرا. نموونەیەكی تر 700 ساڵ بەر لە مارتین لۆتەرە، كە چۆن ڕیفۆرمخوازانی وڵاتی (نیدەرلاند / هۆڵاند ) كە هەمیشە بەچاوی ڕەخنە و شكەوە لە دەستەڵاتی كەنیسە و پاپیان ڕوانیووە، دوو قەشە وەكو نوێنەری خۆیان بۆ ڕۆم دەنێرن. ئەوانیش لە دەستەڵات و شێوەی ژیان و هەڵسوكوتی پاپا و قەشەكانی ڕۆم تووشی سەرسامی و سەرسوڕمان و دڵشكاندن دەبن. كە ئیدی دەگەنە باوەڕێك ئەوان بە نوێنەری یەزدان نەزانن. پەیامی خۆیان بەمجۆرە بەیان دەكەن :( جەنابتان وەك دژێك هەڵسوكەوت دەكەن. وەكو خوایەك لە ئارامگای خوادا دانیشتوویت. لە باتی شوانێك بیت، كەچی بوویتەتە گورگ لە مەڕەكان. گەرەكیشتە كە ئێمە جەنابت وەك قەشەیەكی بالاپلە بناسێنین؟ بەڵام تۆ هەروەك زاڵمێك هەڵسوكەوت دەكەیت..لە بریتی خزمەتكاری هەموو خزمەتكارەكان بیت ـ وەك چۆن خۆت بانگهێشتەی بۆ دەكەیت ـ بەڵام لەهەوڵی ئەوەدایت، گەورەی هەموو گەورەكان بیت ( واتا خوای خواكان ـ و). لێ تۆ بێڕێزی لە بەرامبەر ئامۆژگاری ڕێنماییەكانی خوادا دەكەیت....تەنانەت هۆڵەندیەكان ئەو ئینجیلەیان وەگێڕا كە میلەتی (والتنیزە)كان بۆ سەر زمانی خۆیان وەریان گێرابوو. بێشك دژایەتی كردنی پاپ و ڕۆم و ڕەخنەگرتن لێیان، هەروا بە سانایی تێنەپەڕیوە و مێژوویەكی خوێناوی هەیە. قەشەیەكی تر، Jan Hus 1370 – 1415 ی ناوچەی بۆیمەی چیكە كە ئەویش بەر هەمان شاڵاوی پاپای ڕۆم كەوت و بە زیندووی سووتێنرا. قەشەیەكی تری چاكسازخوازی خەڵكی

بڕوانە ل 4

# مارتین لۆتەر بە پێچەوانەی زۆربەی پیاوە ئایینیەکانی پێشخۆی، لە دادگادا بە ئەڵمانی قسەی کردووە.

ناوچەی بۆیمە و چیک بە ناوی Hieronymus 1370 – 1416 تووشی هەمان تاوانی بە زینووی سووتان بۆوە. قەشەیەکی ترو بەڵام فەرەنسی زانکۆی سوربون بە ناوی Faber Stapulensis 1536 – 1450 ئەویش کە ڕیفۆرمخواز بووە و ئینجیلی کردۆتە فەرەنسی، بە تاوانی لادەر لە فەرمانی پاپ و ئایین بە زیندویتی سووتێنراوە. 1536– 1484 Willian Tyndel ی قەشەی ئینگلیزیش کە ئینجیلی بە دزییەوە کرد بە ئینگلیزی و بڵاوی کردەوە، لە لایەن هاوڕێیەکیەوە ئاشکارا کرا، کوژرا. ئەمانە نمونەی کەمی ئەو پیاوە ئاینیانەی ئەوروپان کە دژی دەستەڵاتی ڕۆم بوون و بەچاوی ڕەخنەوە پاپ و قەشە گەورەکانیان هەڵسەنگاندووە. نمونەی ڕیفۆرمخوازان لە وڵاتانی وەک سکاندیناڤ و سویسرا و جێیی دیش هەن. دوژی خۆناسین، نرخ دان بە زمان و بووەکانی خۆ، وەکو میللەت و کولتوور، دەگەڕێتەوە بۆ هەزار و پێنجسەد ساڵ بەری سووتانی ئەم قەشانەیش. میللەتێک باناوی Waldneser لە چەند سەد ساڵی پاش زایندا، لە ژووروی ئیتالیا، هەڵساون بە وەرگێرانی ئینجیل و ڕێباز و بۆچوونی تایبەتی خۆیان بۆ ئایین. ئەوان خۆیان لە ئەشکەوتە سەختەکان شاردبۆوە و پەیڕەوی ئینجیلیان بە شێوەی خۆیان دەکرد. تەنانەت پشوودانی ڕۆژی یەکشەممە کە ئێستایش لە هەموو وڵاتانی ئاین مەسیحدا پەیڕەو دەکرێت، دەگەڕێتەوە بۆ کولتووری ئەو (والتنیسەر) انەی ژووروی ئیتالیا، لێ، ئەوانیش ( کە دەشێت یەکەم قوربانی لە دینلادەر و سوتێنراوەکان بن) دەستەڵاتی پاپای ڕۆم هێرشیان کردۆتە سەریان وبە ناوی لادەر لە دین و کافر، گەورە و بچوکیان بە زیندووی لە ئاگردا سووتاندون و یانیش لە هەڵدێرەکانەوە فڕێیان داوەتە خوارەوە. هۆکاری ئەم هێرش و سووتاندنی خەڵک و قەشانە لە لایەن پاپا و دەستەڵاتی ئایینی ڕۆمەوە، ترس بووە لە هۆشیاریی و هۆشیار بوونەوەوی خەڵک. هەتا جێی خۆیان لەق نەبێت. پاش ئەم ئاماژە کورت و پوختە گرنگانە بە مێژووی چاکسازی ( ڕیفۆرم) لە ئایینی مەسیحیدا، ئینجا دەگەڕێینەوە سەر کەسایەتی گرنگ و دیاری باوکی ڕیفۆرم کە ( مارتین لۆتەر) ی ئەڵمانییە. مارتین لۆتەر لە ساڵی 1483 و لە گوندی (ئایسلێبن) ی ڕۆژهەڵاتی ئەڵمانیا و لە ماڵباتێکی هەژار لەدایک بووە. لە 1546 دا، واتە بە 63 ساڵی و لە هەمان شوێنی لەدایکبوونەکەی کۆچی کردووە. سەردەمی خوێندنەکەی زۆر سەخت بووە و هەژاریش باڵی بەسەر زۆربەی خەڵک و دایک و بابی ئەویشدا گرتبۆوە. هەر بە هۆکاری دەستکورتی دەبێت بچێتە جێیەکی دی بۆ خوێندن، لەبەر هەژاری و دەستکورتییەکە ناچار دەبێت بە کۆرانی وتنی ناو گەڕەک و دەرگا بە دەرگا، بژێوی ژیانی خۆی دابین و فەراهەم بکات. ئەگەرچی هەمیشەیش برسێتی چەشتووە. تەنانەت یەزدانی بە هۆکاری ئەو برسێتی و بێدەرامەتی و هەژارییە زانیووە، وەک لە یەزدانێکی بەبەزەیی ئاسمانی. کە بە 18 ساڵی و بۆ خوێندن دەچێتە زانکۆی شاری (ئێرفۆرت)، کەمێک چاوی دەکرێتەوە و هیوای بەبەردا دەگەڕێتەوە. هەتا تەمەنی 20 ساڵیش هیچ (ئینجیل - بیبل) ێکی بەچاوی خۆی نەدیبوو. ڕۆژێک کە چاو بە پەرتوکخانەی زانکۆدا دەگێڕێت، ئینجیلێک دەدۆزێتەوە کە بە لاتینی نووسراوە. ئەوە یەکەمجاری دەبێت کە ڕاستەوخۆ وشە و ڕستەکانی ئینجیل بخوێنێتەوە. ئەو هەمیشە خۆی بە کوڕێکی بەوەفای کەنیسەی پاپاکان زانیووە. بۆیە هەلدەرخسێنێت کە سەردانێکی ڕۆم بکات. ئەو بە پێ بەرەو ڕۆم دەکەوێتە ڕێ و لە کلۆستەرەکانی سەر ڕێگا شەو دەکاتەوە و دەحەوێتەوە. لێ، لەوەی سەرسام دەبێت کە لە کلۆستەرێکی ئیتالیا سەروەت و سامانێکی زۆر بەدیدەکات. چۆن کۆشکەکان ڕازێنراونەتەوە. قەشەکانی ئەوێکانە جلکی گرانبەهایان لەبەردایە و مانگانەیەکی باش وەردەگرن. ئیدی لۆتەری گەنجی ئاییندار، ئەو ژیانەی ئەوێکانە لەتەک ژیانی زۆر هەژارانەی خۆیدا بەراورد دەکات و دەکەوێتە بیرەوە: کە چ نارێکی و نایەکسانی و نابەرابەرییەک لە نێوان خەڵکی هەژاری ئایندار و پیاوە ئایینداره بەدەستەڵاتەکاندا هەیە. ئەگەرچێ لۆتەر لەوەو پێش لە هەمبەر ژیانی بەرز و خۆش و تێروتەسەلی قەشەکان و پیاوە ئاییندارەکان، بەتایبەتیش ئەوانەی (ڕۆم) شتگەلێکی بیستبوو، بەڵام ئەم گەشتەی خۆی بۆ ئەوێکانە، دەبێتە هۆکاری گرنگی دوودڵی ئەو لە ئاییندارەکان و قەشەکان و دڵشکاندنی لەو جۆری سیستەم و بەڕێوەبردنە.

* مارتین لۆتەر بانگهێشتەی چاکسازی لە ئایین و دەستەڵاتی پاپاکاندا دەکات.

* 95 تیزی نوێکاری ئایینی و چاکسازی دەنوسێتەوە و بڵاوی دەکاتەوە.

* ئینجیل لە لاتینییەوە دەکاتە زمانی ئەڵمانی(کە بە کفر و لە ڕێلادانی ئایینی حسێب کراوە).

* دژی شێوەی بەڕێوەبردن و ژیانی بەرزی پاپاکانی ڕۆم لە کۆڕ و کۆبوونەوەکاندا دەپەیڤێت و دەنووسێت. کە نامەی تاوانبارکردنی لە لایەن پاپاکانی ڕۆمەوە پێدەگات و داوای لێدەکەن بچێتە بەر دادگا، وەها تورە دەبێت کە شکاتنامەکە لەتوپەت دەکات، فڕێیدەدات و دەشی سووتێنێت. سوێندیش دەخوات کە بۆ هەمیشە پەیوەندی خۆی لەگەڵ ڕۆمدا بپچڕێنێت. لە ژێر پاڵەپەستۆی کایزەردا، مارتین لۆتەر ناچار دەکرێت کە لە 17/ ئەپریلی 1521 دا و لە شاری ( ڤۆرمس) لە دادگا ئامادە بێت، یان پەشیمانی لە تێزەکان و قسەکان و دژایەتیکردنەکەی دەربڕێت، یانیش پارێزگاری لە خۆی بکات. وەک پێشووتر ئاماژەمان پێکرد، پێش مارتین لۆتەر بە سەد ساڵ و دووسەد ساڵ، چەندین قەشەی دژە پاپ بە مەرگ و لە ئاگردا سوتان تاوانبار کراون. لێ مارتین لۆتەر پشتگیری هەندێک لە میرەکانی ناوچە جیاوازەکانی ئەڵمانیای هەبوو. ئەو میرانەیش دەستەڵاتی سیاسی و کۆمەڵایەتیان هەبووە، بۆیە تاوانبارکردن، کوشـــــــــتن و یان لە ئاگردا سوتاندنی مارتین لۆتەر، کارێکی وەها ئاسان نەبوو. بە تایبەتیش میری بەدەستەڵات و بەناوودەنگی ناوچەی (ساکسن)، (فریدریشی یەک) دۆست و هاو ڕای مارتین لۆتەر بووە. مارتین لۆتەر لە دادگادا ئازایانە و بێپەروا پارێزگاری لە تێزەکانی کردووە. لێ کە داوای لێدەکەن ئەگەر لەو نووسین و تێزانە پەشیمان بێتەوە، لێیخۆشدەبن و ئازادە، وەڵام دەداتەوە:( ناتوانم لەو نووسین و پەرتوکانەم پەشیمان ببمەوە.چونکە ئەگەر پەشیمان ببمەوە ئەوا لە بەرژەوەندی دوژمنانە و ئەوانی پێ تەشویق دەبێت. ئیدی خەڵکی یەزدان کە لەلایەن ئەوانەوە دەچەوسێنرێنەوە، زۆرتر دەچەوسێنرێنەوە..). مارتین لۆتەر بە پێچەوانەی زۆربەی پیاوە ئایینیەکانی پێشخۆی، لە دادگادا بە ئەڵمانی قسەی کردووە، کە نوێنەری پاپا داوای لێدەکات، هەمان ئەو قسانە بە لاتینی پاتە بکاتەوە، ئینجا پاتەی دەکاتەوە، میرەکان و تەنانەت کایزەری گەورەی ئەڵمانیش بە ئازایەتی و بێباکییەکەی سەرسام دەبن. کە دادگا بۆ ڕۆژی دوایی دوا دەخرێت، بە پلانی (فریدریش) ی میری (ساکسن)، مارتین لۆتەر، لە (ڤورمس) ەوە بۆ ( ڤاربورگ) دەفرێنن و دەیشارنەوە دەنگۆی ئەوەیش بڵاو دەکەنەوە کە کەس نازانێت کێ مارتین لۆتەری فراندووە. کە دوای ساڵ و نیوێک ئیدی ترس لەسەر ژیانی نامێنێت، مارتین لۆتەر دێتەوە ناو خەڵک،لێ، ئیدی ئەوە پەیڕەوکەرانێکی زۆری لە ناو خەڵکدا هەیە. دوژی ڕیفۆم لە ئایینی مەسیحیدا و پەیڕەوی مارتین لۆتەر و پاشان ( لۆتەری) وڵاتانی سویسرا، فەرەنسا، چیک، هۆڵەندا و سکاندیناڤیاشی گرتۆتەوە.ئیدی لەو ساتەوەختەوە زاراوەکانی وەک (لۆتەری) و ئینجیلی لۆتەر و پرۆتێستانت پەیدا بوون و پەیرەوانی هەردەم گەشەیان کردووە. لە کۆتاییدا دەکرێت بگوترێت؛ کە ڕیفۆرم، کودەتای سەربازی نییە، بڕیارێکی کتوپڕ و ئاساییش نییە. مۆدێل و ستیلێکی تازەداهاتوو نییە. هەموو چاکسازی و ڕیفۆرمێک مێژوویەکی پێش خۆی هەیە. سالانێکی دووروردرێژی هەوڵ و خەبات و قوربانیدان و ماندوبوونە. هۆکارە ناتەبا کۆمەڵایەتی، سیاسی ئابووری و ئایینیەکان دەبنە گەشەکردن و ڕەخساندن و ئەوجا بە ئاکام گەیاندنی ڕەوتەکە. لێ ئەو ڕاستیەش بگوترێت، کرۆکی هەموو جموجوڵ و چالاکیەکانی ژیار، مرۆڤ خۆیەتی.دەنا بە بێ مرۆڤ نە مێژوو دەبێ و نە ڕووداوە دەڤۆکی و نووسراوە و قەواڵەکان. کەواتە بۆ بەگەڕخستنی هەموو جموجوڵ و گۆڕانەکان، چەند مرۆڤ یان مرۆڤێکی جیاوازتر لە ڕووی توانای ژیری و زهنی ، ڕۆشنبیری و سیاسی و ئایینی یان بەدەنییەوە، کە بە (کاریزما) ناوزەد دەکرێت، بۆ بەگەڕخستنی بزووتنەوە و چاکسازی پێویستە. بێشک لەکن خۆیشمان دەشێت کەسانێک هەبووبن کە درکیان بە چاکسازیەکانی ئەوروپا کردبێ، بۆیە بێکەسی هۆزانڤانمان ئاوات دەخوازێت:

**خوایە یەک لۆتەر بنێریت بۆ گەلی کوردی فەقیر**

**تا نەجاتی بێ لە ژێر دەستی مەلا وشێخ و پیر**

سەرچاوەی هەموو زانیارییەکانی دووتوێی ئەم وتارە، پەرتوکی: (گرژیی گەورە..Der Grosse Konflikt )

لاپەرەکانی 41 ـ 205 .نووسینی Ellen Gould White

چاپی یەکەم 1888/1884. ئامادەکردنەوەی بۆ چاپی نوێ 2008 ئەڵمانیا

دەزگای پەخشی GIHON

# کاتێك چەرچڵ داوای کرد، شیعرێکی مەلای جزیری بۆ وەربگێڕن..!








کتێبی "بیرەوەرییەکانم"ی نوسەر و ڕۆژنامەنووسی تیرۆرکراوی کورد، موسا عەنتەر (١٩٢٠-١٩٩٢)، لێوانلێوە لە ڕوداوی مێژوویی و سەربوردەی ژمارەیەکی زۆر لە کەسایەتییە کوردەکانی سەدەی بیستەم و هەندێک کەسایەتیی تورک و بیانی، کە پەیوەندیان بە کورد و دۆزەکەیەوە هەبووە. یەکێک لەو ڕوداوانە بەسەرهاتی کۆبونەوەی نێوان سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا ونستن چەرچڵ و سەرۆک کۆماری تورکیا عیسمەت ئینۆینووە .*

موسا عەنتەر ساڵی ١٩٥٦ لە بەیئۆغڵوی ئیستانبوڵ ڕێستۆرانت/ کانتینێکی گەورە و بەناوبانگی دەبێت و هەر خۆیشی بەڕێوەی دەبات. ڕۆژێک تەماشا دەکات وا دوو پیاوی بەتەمەن بەرەو ڕێستۆرانتەکەی ئەم دێن. ئەمیش لە دوورەوە هەردووکیان دەناسێتەوە؛ یەکێکیان پرۆفیسۆر تاهیر تانەرە، کە لە کۆلێژی یاسای زانکۆی ئیستانبوڵ مامۆستای موسا عەنتەر بووە و ئەویتریشیان وەزیری پێشووتری دەرەوە نوعمان مەنەمەنجیئۆغڵووە**.

ئەم جووتە هەفتەی چەند جارێک دێن، بۆ لای موسا عەنتەر و ئەمیش خزمەتێکی جوانیان دەکات. دوای ئەوەی ڕایەڵەی متمانە لە نێوانیاندا پەیدا دەبێت، ڕۆژێک مەنەمەنجیئۆغڵو، ئەم بەسەرهاتە بۆ موسا عەنتەر دەگێڕێتەوە :

هاوینی ساڵی ١٩٤٣ و لە گەرمەی شەڕی دووەمی جیهاندا سەرۆکی ئەمریکا ڕۆزڤێلت و سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا چەرچڵ، ئینۆینوو و منیان بانگهێشت کرد بۆ قاهیرە بۆ ئەوەی قایلمان بکەن ئێمەش بچینە شەڕەوە. ئینۆینوو دڵی پێوە نەبوو تورکیا لە شەڕدا بەشدار بێت. ئەو داوای دەکرد هاوپەیمانان سوپای تورک پڕ چەک بکەن و ئەوسا داوای شەڕی لێ بکەن. بەڵام نە چەرچڵ و نە ڕۆزڤێلت باوەڕیان بە تورک نەبوو، چونکە ترسی ئەوەیان هەبوو دوای پڕ چەککردنمان بچینە پاڵ ئەڵمانیا. کاتێک زانیان ئینۆینوو مل نادات، هەردووکیان ویستیان بە پرسی کورد چاوترسێنمان بکەن. چەرچڵ ڕووی لە ئینۆینوو کرد و لەپڕ لێی پرسی: "پاشا، تۆ کوردی دەزانیت؟" ئینۆینوو سەری لێ شێوا و نەیزانی چی بڵێت. تاوێک چاوەڕێم کرد و ئەو هەر هیچی نەگوت. ئەمجار من هاتمە نێوانەوە و گوتم: "ئەکسیلێنس، ئێمە کوردی نازانین. لای ئێمە کوردی ئاخێو نییە و زمانیکی لەو جۆرەش بوونی نییە." توومەز چەرچڵ حسابی خۆی کردبوو و گرووپێک ڕۆژهەڵاتناس و پسپۆری زمانەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی لەگەڵ خۆی هێنابوو. لە یەکێک لەوانەی پرسی: "مستەر، وایە؟ زمانێک نییە بە ناوی زمانی کوردی؟" کابرا دیار بوو پێشتر خۆی ئامادە کردبوو، یەکسەر هەستایە سەرپێ و گوتی: "چۆن شتی وا دەبێت گەورەم! زمانێکی کوردیی خاوەن ئەدەبیاتێکی زۆر دەوڵەمەندی هەیە. ئەگەر مەیلتان لێ بێت، دەتوانم شیعرێک لە دیوانی مەلایێ جزیری بخوێنمەوە.

" ئێمە تا ئەو کاتە ناوی ئەو شاعیرەمان نەبیستبوو. چەرچڵ گوتی: "بیخوێنەوە!" کابرا شیعرێکی خوێندەوە، کە ئێمە لێی تێ نەگەیشتین، بەڵام زمانێک بوو نزیک لە فارسی و ئاهەنگ و میلۆدییەکی فرە نایابی هەبوو.




کابرا گوتی ئەو شیعرە کوردیی، چەرچڵ گوتی: "ئەو شیعرەمان بۆ بنوسەوە!" کابرا شیعرەکەی لەسەر کاغەزێک نوسی. چەرچڵ گوتی: "وەری بگێڕە سەر ئینگلیزی!" ئەمجار داوای کرد وەربگێڕدرێتە سەر زمانی فەرەنسی و ئەو فەرمانەیشی بەجێ هێندرا. دواجار دەستورید،ا شیعرەکە وەرگێڕدرایە سەر زمانی تورکیش. پاشان بە منی گوت: "مسیۆ، تۆش وەرە بڕوانە! با بزانین ئەم تێکستە لە هەریەکێک لەم سێ زمانەدا چەند وشەی بیانی ویستوە؟" دەقە فەرەنسییەکەی شیعرەکەی جزیری، جگە لە وشەی فەرەنسی، هیچ وشەیەکی تری بیانی تێدا نەبوو. لە دەقە ئینگلیزییەکەدا سێ و چوار وشەی بەڕەچەڵەک لاتینی هەبوو. لە شیعرە کوردییەکەشدا چوار-پێنج وشەی عەرەبی هەبوو. بەڵام کاتێک هاتینە سەر دەقە تورکییەکە، جگە لە (در) و (ئیلە)، یەک وشەی تورکی تێدا نەمابوو. هەندێک لە وشەکانی دەقە تورکییەکە فارسی و بڕێکیان عەرەبی و ئەوانی تریشیان لە زمانە ئەوروپاییەکانەوە وەرگیرابوون. چەرچڵ هەر چوار لاپەڕەکەی خستە پێش ئێمەیش و بە ئاماژەیەکم کە واتای "ئەرێ ئێوە شەرم لە خۆتان ناکەن!"ی دەگەیاند، گوتی: "فەرموون بەڕێزینە، دەوڵەمەندیی ئەو زمانی کوردییە ببینن، کە زمانی زگماکی بەشێکی زۆر لە دانیشتوانی وڵاتەکەتانە و ئێوە نکۆڵی لە هەبوونی دەکەن!" من بە درێژایی سەردەمی مانەوەم لە پۆستی وەزارەتی دەرەوەدا ڕۆژێکی ترم بیر ناکەوێتەوە هێندەی ئەو ڕۆژە تیایدا تەنگاو بووبم....


--------

*عیسمەت ئینۆینوو (١٨٨٤-١٩٧٣): لە ١٩٢٣ تا ١٩٣٧ سەرۆک وەزیران و لە ١٩٣٨ تا ١٩٥٠ سەرۆک کۆماری تورکیا بوو.

**نوعمان مەنەمەنجیئۆغڵو (١٨٩١-١٩٥٨): دیپلۆماتێکی ناسراوی تورک بوو، لە ١٩٤٢ تا ١٩٤٤ وەزیری دەرەوە بوو .

وێنەکە: چەرچڵ و ئینۆینوو...

# نامەیەکی خۆشەویستی جاکی کەنەدی بۆ جۆن کەنەدی دەخرێتە زێدەبڕکێوە...!




"تۆ هاوسەرێکی نموونەیی نیت"

نیویۆرک (یو ئێس ئەی)/

نامەی هاوسەری سەرۆکی ئامریکا جۆن فیتزگیراڵد کەنەدی(١٩١٧-١٩٦٣)،جاکی (١٩٢٩-١٩٩٤)گەرمترین هەواڵە کەواشنگتن لەگەڵیدا دەژی،نامە خۆشەویستیەکەی جاکی بۆ جۆن کەنەدی زێدەبڕکێی پێوە دەکرێت وتیشک دەخرێتە سەر نهێنییەکی گەورە،کەچۆن ئەم جووتەی بەیەکەوە گرێداوە؟

ئەو نامە سێ لاپەڕەییە بەدەست نووسراوە، نیگایەکی دەگمەن دەخاتە سەر ئەو ژیانە توندوتۆڵەی نێوان خانمی یەکەمی ئاییندەو سەرۆکی ئامریکا، نامەکە لە ساڵی١٩٥٧ یاخود ١٩٥٨ نووسراوە، ئەوکاتە جۆن کەنەدی هێشتا سیناتۆر بووە، (ساڵی ١٩٦١ بە سەرۆکی ئامریکا هەڵبژێردرا)، هەردووکیان ساڵی ١٩٥١ یەکتریان ناسیوەو ساڵی ١٩٥٣ش هاوسەرگیرییان کردوە.

جاکی بەئاشکراو زۆر بەدروستی زانیویەتی متمانەو پشت بەکی دەبەستێت،نامەکە بە :-"خۆشەویست جاک"دەست پێدەکات(جاک نازناوی جۆن بوە)نووسیویەتی:- تۆ هاوسەرێکی نموونەیی نیت...ئیترشاگەشکە مەبە گەر خانمەهاوسەرێکی نموونەییشت نەبێت." هەموو کەسێ وادەڵێت: کە هاوسەرەکان نابێ لەیەک جیاببنەوە،چونکە هەردووکیان هەمان شەپۆلی نەفەسدرێژیی لەدەست دەدەن...بەڵام من پێم وایە،بۆ ئێمە ئەوە لەوانەیە باش بێت،لەبەر ئەوەی ئێمە دەتوانین لەزۆر شت بگەین.

جاکی لەبارەی ئەو ساتانە دەنووسێت،گەر بێت و لەگەڵ مێردەکەی بەجیا ژیان بەسەر ببات."من ناتوانم ئەمە بگۆڕم،گەر من لێت دوور کەومەوە،من نامەیەکی ئیفلیج دەنووسم-ئەمە بۆ من زۆر ،سەختە،کە ددانی پێدابنێم وبە وشە دەریبڕم،کە تۆ بەشێوەیەکی نایاب دەیکەیت." لە شوێنێکیتر "ئێمە زۆر لەیەک جیاوازین.ڕەنگە تۆ (ئێستا)بنوسی،ئاوا زۆر بەگومان و دوودڵ مەبە لەشیوازی پەیوەندییەکەمان.

هەروەها جاکی لەنامەکەدا لەبارەی کچەکەشیان (کارۆلینە) نووسیویەتی.



موزەفەر عەزیز

"کۆرپەیەک،کە هەردووکمان خۆشمان دەوێت". نامەکە بەو وشانە کۆتاییان دێت:"من ناتوانم بنوسم، کە چی هەستێکم بەرامبەرت هەیە؟بەڵام من لەمەودوا ئەمەت نیشان دەدەم،گەر لەلات بم-هەروەها بڕواشم وایە کە خۆشت دەیزانی. لەناو خۆشەویستی، جاکی.بۆبی لیفینگستۆن لەخانەی مەزادەوە بەسەرسوڕمانەوە دەڕوانیتە نووسراوەکەو دەڵێ:ئەو باسی هاوسەرێتی و پەیوەندییەکەیان دەکات،ئەمە پەیوەندی بەسەردانی کەسانی یاساییەوە نییە.ئەمە نامەیەکی خۆشەویستییە. بۆ گۆڤاری "پیوپڵ" ڕایگەیاندوە، جاکی کەنەدی نووسەرێکی نامەی سۆزداری بووە. "ئێمە زۆر نامەمان لەلایەن ئەوەوە هەیە، بەڵام هەتا ئێستا نامەیەکی جاکیمان بۆ جاک نەبوو." لە کۆتاییشدا ئەوە ماوە بڵێین، چەندین وێنەی ناوازە نێشاندەدرێت کە تێیدایە هی تەمەنی ١٦ساڵییە، جاکی وەک گەنجێک بەخەندەوە دەردەکەوێت، وێنەکان و نامەکەش هی کەسێکی هەواداری ئەو بوارە بووە.

ئەم وێنەیە هی ساڵی ١٩٦١ە.



سەرچاوە بیلدی ئەڵمانیا.

# چەند هەواڵێکی ئەدەبی و هونەری لە تاراوگــــە و وڵات

## بەمزوانە کۆڕێك بۆ خاوەنی کتێبی

## (ئێمە پێشمەرگەین لەباوکەوە بۆ کوڕ) لە دەنهاخ سازدەکرێت

لە هۆڵەندا کۆڕێک بۆ بەڕێزان سیروان مارف و بارام میرۆ سازدەکرێت، کە کتێبێکیان بە زمانی هۆڵەندی و فەڕەنسی نوسیووە، بە ناونیشانی(ئێمە پێشمەرگەین لە باوکەوە بۆ کوڕ)، ئێستاش بە هەردوو زمانەکە کەوتووەتە بازارەوە و لەبەر دەستی خوێنەراندایە.




لەهەموو سایتەکانی ئەمەزۆن و و کتێب فرۆشی ئۆنلاین، دەستدەکەوێت:
http://www.ako.nl/product/9789463580113/wij-zijn-peshmerga-s-sirwan-maro/

https://www.amazon.de/dp/9463580115/ref=cm_sw_r_sms_apa_i_w2n6AbQ3AGTQY?fbclid=IwAR2m2Zmj-VXjsHrM3mt4g9pmiFn4m7ALJyuZ_p_W0P2mog_OIgxKq8T1SM8

(ئێمە پێشمەرگەین لە باوکەوە بۆ کوڕ)، گێڕانەوەی ژیاننامەی پێشمەرگەیەکی کوردە، کە لە شاری کەرکوکی باشوری کوردستان، لەدایک بووە و هەر لە گەنجییەوە بە هۆی کوردبوونیەوە، چەوساوەتەوە، بۆیە بووە بە پێشمەرگە و دەربەدەر و ئاوارە بووە،




## پیاوەکان بە خەونیش نەگەڕانەوە




گێڕانەوەی چیرۆکی منداڵە ونبووەکانی هەڵەبجە ڕۆمانی «پیاوەکان بە خەونیش نەگەڕانەوە» سەربوردەی مەرگەساتی هەڵەبجە و سەرگەردانییەکانی خەڵکەکەیەتی.

بە پێی ڕاپۆرتی جام کوردی، «مەحمود نەجمەدین» بە نووسینی ڕۆمانی «پیاوەکان بە خەونیش نەگەڕانەوە» لە دووتوێی ۲۱۰ لاپەڕەدا مەرگەساتی هەڵەبجە و سەرگەردانییەکانی خەڵکەکەی دەگێڕێتەوە.

ئەم ڕۆمانە بە ئەژماری ۵۰۰ دانە لە سەر ئەرکی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە شاری سلێمانی چاپ و بڵاوکرایەوە.

«پیاوەکان بە خەونیش نەگەڕانەوە" سەربوردەی ڕزگاربووانی کارەساتی مەرگەساتی هەڵەبجەیە، کە ئاوارە و پەراگەندەی ئێران و بە تایبەت کوردستان و دەڤەری لوڕستان بوون و باس لە ونبوونی منداڵە سەرگەردانەکانی هەڵەبجە و مانەوە و گەورەبوونیان لەلای خێزانە مرۆڤدۆستەکانی ئێران دەکات.

«مەحمود نەجمەدین» نوسەری ڕۆمانەکە لە ساڵی ۱۹۸۱ لە شاری کەرکوک لە دایک بووە و نیشتەجێی شاری سلێمانیە.

نوسەری «پیاوەکان بە خەونیش نەگەڕانەوە» دوو بەرهەمی بە ناوەکانی «پاسەکەی گوورون» و «هاوشێوەکانی سەلیم جەودەت» لە بواری چیرۆکدا هەیە.

جام کوردی

ئەم هەواڵە لە پەیجی (هەواڵنامەی کتێب) وەرگیراوە

## هەر جارەی هونەرمەندێکی کورد



### ڕێناس عارف (حەمە ڕێناس)

هونەرمەندی شێوەکار و کاریکاتێریستی کورد، ڕێناس عارف ناسراو بە (حەمە ڕێناس)، لە ساڵی 1972 لە سلێمانی، لە باشوری کوردستان، لەدایک بووە.

ساڵی 2000 موڵتیمێدیا و دیزاینی لە شاری ئوترێخت تەواو کردووە.

ساڵی 2003 ئەکادیمیای هونەری لە شاری ئەمستردام، بەشی گرافیک و نیگارکێشانی تەواو کردووە.

ساڵی 2008 لەگەڵ چەند هونەرمەندێکی کاریکاتێریست گروپی کارتۆنی (نەقیزە)یان لە سلێمانی دامەزراندووە، هەمان ساڵ لە چەند پێشەنگایەکی ئەو گروپەدا بەشداری کردووە.

لە 20 پێشانگا و پرۆژەی هونەری تایبەت و هاوبەشدا بەشداری کردووە.

وەک مامۆستای نیگارکێشان و کاری دەستی، لە شاری ئەمستردام کاری کردووە.

ئێستا خەریکی کاری وەرگێڕان و نەخشەسازی گرافیکە، چەند نامیلکە و کتێبێکی هونەری ئامادەیە بۆ چاپ.

بۆ زانیاری زیاتر لەسەر کارە هونەرییەکانی بڕوانە ئەم لینکە:

https://www.facebook.com/hama.renas/about?lst=100001818168085%3A808809476%3A1541197921










# تاراوگە

بڵاوکراوەیەکی کوردیی هەواڵی ناوبەناوە، بەشێوەی ئەلکترۆنی لە هۆڵەندا بڵاودەبێتەوە.

TARAWGA

E–mail : sardarfatah@live.nl

HOLLAND –Amsterdam

Mob& Viber& WhatsApp: +31684950807